# ئەوەی وێنەکان پێمان ئەڵێت :
# گەڕانێك بەشوێنماناپەنهانەکانی فلمی ونبویەك لەعیراق

محمد حسين
Mihamad_79@yahoo.com

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**گۆرانی وەکو ڕەمزێك بۆژیان دۆستی :**

ژیان دۆستی سێبەرێکی ئامادەیە لەنێو زۆربەی دیمەنەکانی ئەم فلمەدا .هەرلەو منداڵەوە کەلەخوێندنگە زۆرخاکیەکەدا(( لەژێرگلاًبەهەڵگیڕاوەکە ))باخلەمە یەکی بەدەستەوەبو تائەگاتە کامیرزا و هەردو کوڕەکەی و دەنگە خۆشەکەی خانمە جوانە کەو گۆرانی منداڵە بێسەرپەرشتەکان ,هەموویەم ئەکتەرانەبەمۆسیقا گوزارشت لەئازارەکانی خۆیان ئەکەن .دیارە دەرهێنەر ئەیەوێت پێمان نیشان دات چەندە ئەو هێزانەی ژیان وێران ئەکەن ئامادەو زاڵبێت ئەوا ژیان هەر بێگۆرانی ناکەوێت ,هەمیشە خەڵکانێك دەمێنێت بەگۆرانی ژیان جوان بکەن , هەربۆیە بینیمان (( دادەئامین )) کامیرزای بینی هەرخەمی ئەوەی بوو کێگۆرانی بۆ ئەو (( مەردمە بچرێت )) . هەمو جارێك هونەر ئەو کەسانە دایان هێناوە کەتوانای بینینی جوانیەکانی ژیانیان هەیە , هونەری میلیلش هەر ئەو خەڵکانەلە پشتیەوەن کەدڵیان بەژیان خۆشە . گۆرانی ومۆسیقا لەسیاقی ئەم فلمەدا وەکو فریاد ڕەسێك بۆژیانی پڕلەنەهامەتی وئازاری مرۆڤەکان دەنوێنرێت ,لەهەمو ئەو شوێنانەی ژیان هێندە سەخت بووە توانای بەرگەگرتن و هەڵگرتنی خەمەکانی نەماوە مۆسیقاو گۆرانی کامیرزاو کوڕەکانی ئامادە ئەبن (( لای منداڵە بێسە پەرشتەکان ,لەناو ئۆردوگای پەنابەرەکاندا ))لێرەدا گۆرانی دێت بۆئەوەی ئارامیەکی ڕۆحی ببەخشێتە ئەوانەی ناڕێکیەکانی ژیان گیرۆدەی کردون , ئەوانەی وەکوو منداڵە بێسەرپەرشتەکان و ئاوارەکانیئۆردگا لەهەموو چێژێك دابڕاون کەبشێت ژیان بەمرۆڤەکانی ببەخشێت . گۆرانیەکانی ئەم فلمە گۆرانیەك نین ئاوێنەی ئازاروو نائومێدیەکانی خەڵکەکەی بێت ,بەڵکو بە پێچەوانەوە گۆرانیەکن بۆروبەڕوبونەوەو خەفەکردنی ئەو ئازارانە. لەم فلمەداخۆشەویستیەکی شێتانەیئەکتەرەکان ئەبینین بۆهونەرەکەیان ,عەودە کەحەوت ژن و32کچی هەیەو بەهیوای کوڕێکەوەیە بۆئەوەی فێری هونەرەکەی خۆی بکات وەك ئەوەی لەزاری خۆیەوە بیستمان نەك بۆئەوەی وجاخی ڕۆشن بکاتەوە . بەراتیش کەگوێی لەدەنگی کچە جوانەکەوە بوو یەکسەر خوازبێنی کرد لەبەر خۆشی دەنگەکەی پێچەوانەی داب ونەریتە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگای کوردی کەبرێك پێوادنگی ڕەوشتی وکۆمەلآیەتی لەبەر چاو ئەگرن بۆخوازبێنی کردنی ژن .

**وێنەیژن :**

دیمەن وڕۆڵ وئەرك وتاییە تمەندی ژن لەنێو ئەم فلمەدا هەمان بارو دۆخی کۆمەڵگایەکی سونەتی پیاو سالاریە , بەهەلآوێرد کردنی دوو دەنگی جیاواز کەوەکو دوو هەڵگەڕانەوەی زیرەکانە وابو بۆئەو کولتوری پیاو سالاریەی عەقڵی کۆمەڵگاکەی ڕەنگ ڕێژکردب و , دەکرێت ئەو دوو دەنگە ناوێزە وەکو دوو یاخی بونیشەرمنانە کەدەرهێنەر ویستبێتی وەکو نەخێرێك یان ڕەتکردنەوەیەك بەرامبەر ئەو بارو دۆخە ناهەموارەی ژیانگەی ئەکتەرەکانی خۆی دەری برێت . بەلآم ئەم دوو دەنگەش هەر بەرهەمی ڕوداوە درامیەکانی ناو فلمەکە خۆین نەك ئەوەی دەرهێنەر بەزۆر بیتر نجێنێتە ناویەوە . بۆنمونە (( کەبەرات بەخانمە دەنگ خۆشەکەی وت من عاشقی دەنگت بوم وئەمەوێت خوازبێنیت بکەم , ئەویش وتی بەمەرجێك قبوڵمە فێرم کەیت باشتر گۆرانی بڵێم )) ئەم مەرجەی کچە دەنگ خۆشەکە ڕەنگە وانەبوایە گەر بەرات نەیوتایە من عاشقی دەنگت بووم , کەواتە دەرهێنەر لادییەکی نە هێناوە فەلسەفەی فێمینستانەمان پێبفرۆشێت بەڵکو لەشوێن وجێگەی خۆیدا دەنگی ژنانەی ڕەسەن

دروست ئەکات .دیمەنی دووەم ئەو کاتەی عەودە چو بۆلای ((ڕۆژان ))کەسەرپەرشتی منداڵە بێسەرپەرشتەکانی ئەکرد و پێی وت ((حەوت ژنم هەیەو 32کچ و(( دەست لەجەماعەت ژن هەڵناگرم تاکو کوڕێکم نەبێت و فێری هونەرەکەی خۆمی نەکەم )). ڕۆژان زۆرزیتەڵانە لێی هاتە وەڵام بەساکاریە جوانەکەی خۆیەوە وتی ((ئەو ژنانەت بۆ واداماو کرد ...ئەی ناکرێت هونەرەکەی خۆت فێری کچەکانت بکەیت )) . ئەم هەڵوێستەی ڕۆژان ڕابونێکی زیرەکانەیە بەڕوی ئەو عەقڵە نێر وجاخیەی عەودەی تیا پەروەردە بووە , ڕۆژان پێشنیاری ئەوەی بۆعەودە کرد بچێت ڕەزامەندی لایەنی بەرپرس بهێنێت ویەکێك لەو کوڕە بێکەسانەی بداتێ , بەمەش هەم عەودەی لەبێکوڕی وگرفتی ژن هێنانێکی تر ڕزگارکردو هەم کوڕێکی بێلانەو کەسیشی خاوەندارکرد ,

بەلاّم لەم دوو هەڵوێستە بترازێت ئێمە ژن ئەبینین بەهەمو ئەو وێنانەوە کەکۆمەڵگایەکی سونەتی بۆژنی ئەکێشێت , ژن وەکو کارکەرێکی چالاك کەخەریکی قوڕشێلان وخشت بڕین بوو بۆخانوو دروست کردن , ژن وەکو سەرمایەیەکی لەزەت بەخش کە دەبێتە جێگای شەڕو هەرای پیاو وەك ئەوەی مەلاقادریان لەسەری زیندەبەچاڵ کرد و تەقەو گولەی ململانیەکان شاییەکەی تێکدا .

کێشەیەك هەیە لەتێڕوانینی دەرهێنەردا بۆڕەوشی ژن لەچەند شوێنێکی ترداعەودەباسی ئەوەئەکات 7ژن و32کچی هەیە دیارە ئەمە زیادەڕۆییەکی زۆری تیایە, چونکە هەربە پێی یاساونەریتە سونەتیەکانی کۆمەڵگای کوردی پیاو هەرئەتوانێت تاچوار ژن بێنێت نەك زیاتر , ئەم زیادەڕۆییەش گەربۆنیشاندانەوەی بارودۆخی خراپی ژن بێت لەم کۆمەڵگادا ئەوادەکرابەچوارژنەکەیشەوە هەرئەوەببینرایەو ئەو زیادەڕۆییەنەکرایە, دواجار ژن کێشەیەکەبۆتەتەوەری سەرەکی فلمەکە لە نمونەی هەنارەدا.

ئەفسانەی هەنارە :

هەنارە لەنێو ئەم فلمەدا ژنێکی ئاسایی نیە ,بەدەرلەوەی بۆتە تەوەری سەرەکی چیرۆکی فلمەکە ,حکایەتەکانی ژیانی هەنارە وای کردووە ئامادەییەکی ئەفسانەیی هەبێت لەهەمو چرکە ساتەکانی فلمەکەدا , لەیەکەم دیمەندا دکتۆری هاوڕێی بەرات بەسواری ماتۆڕەکەوە باسی هەنارە ئەکات وەکو ((شائیعەیەك کەئەمسەری کوردستان بۆئەوسەری بیستویەتی ,وەکو نەهامەتیەك ,کەوەك با هاتوو وەك باچوو )). هەنارە لای تاکەکانی تری خانەوادەی کامیرزا دیسانەوە ئەو نەگبەتیەیە کەئەمانی توشی دەردیسەریەکی زۆرکردووە .لەچاخانەکەی بازاڕی قاچاخچیەکانیشدا دیسانەوە بەکامیرزا ئەوترێت ئەم شائیعەیە چیە کەوتۆتە شوێنتان لای ئەوانیش هەنارە دەگ وباسێکە گەورە تر لەوەی کامیرزا چاوەڕێی ئەکرد .

مرۆڤە پەراوێزکراوەکانی ئەم فلمە :

ئەکتەرەکانی ئەم فلمە وەکو ئەکتەری فلمەکانی تری دەرهێنەر ئەو مرۆڤە لەبیرکراوو فەرامۆشکراوو بێ ئومێدو بێ پاشە ڕۆژانەیە کەلە چاوی هونەرمەندێکی وەهاو کامێرای سینەماوە نەبێت هیچ جێگەیەکیان نابێتەوە لەناو مێژوی هاوچەرخدا . ئەو تاییە تمەندیەی کارە هونەریەکانی دەرهێنەری پێجیائەکرێتەوە , هەروەها ئێستا تاییە تمەندی ئەدەب وهونەری هاوچەرخیشە بینینی ئازاروو مەینەتیەکانی جیهانە لەڕێگای حاڵەتێکی تاییەتیی پەراوێزکەوتویچە پێنراوەوە , بینینی سوتان وئازارەکانی مرۆڤێکی توشبووە وەکو ئاوێنەی ئازارێکی گەورەتر . ئەم شێوازە هونەریە شەل وکوێرەکان , پیرو پەك کەوتوەکان ,ئەوانەی ڕۆژگارمەینەتیەکانیان زیاترو زیاتر ئەکات ,یان لەسیاقی ئەم فلمەدا ,منداڵە بێسەرپەرشتە کان ,ئازیزمەردەکان ,قوربانیەکانی چەکی کیمیاوی ,عاشقە نائومێدەکان , ئەو قاچاخچیانەی هەموو ڕۆژێك ژیانی خۆیان لەگرەوی نان پەیداکردندا ئەدۆڕێنن ,ئەو پیرەژنانەی ژیانیان بۆخۆی کارەساتێکە .جگە لەوەی دنیای نێو ئەم فلمە بەگشتی دنیایەکی سەختەو مانەوە تیایدا پڕە لەژان ,لێرە مرۆڤە گەورەو بەتواناکانیش لەشەقاوەت وهیلاکیەکی بێکۆتایدا ئەژین , بەسەرنجدانێکی ئەو بازاڕەی بینیمان وئەو ژیانەی لەگوندەکاندا دەگوزەرێت ئیتر بەسە بۆئەوەی تێبگەین ژیان لێرەدا

تراژیدیایەکە بەخوێن و وزەی مرۆڤە بێگوناهەکان دەڕوات بەڕێوە. بەلاّم بێگوناهترین و پاکترین وجوانترین قوربانیـەکانی نێـو ئەم فلمە منداڵە ,ئەوانەی کەڕۆحیان پڕبـو لـەگۆرانی ولەبـەزمێکی زۆرجیـاواز لەوپرسـەو گریـان وهەڵپەکردنـەی جیهـانی گەورەکان, بەبێگەردی و پاکی گۆرانیەکانی خۆیان ئەچڕی .

چەتە وەك ڕەمزێك بۆئاستێکی گەورەتر :

یەکەم دیالۆکی فلمەکە لەنێوان بەرات ودکتۆردا باسی چەتەو دڕندەیی چەتە ئـەکرێت , ئـەم ناوهێنانـەی چـەتە دەشـێت وای تێبگەین ئە نجامێکی سروشتی ئەو تێکچونەی سیستەمی ژیانە کەهیچ شتێك لەجێگای خۆی نەماوە . هەرکاتێکیش ژیـان ڕیتمـی ئاسایی خۆی لەدەستدا ئیتر نامۆنیە ئەو مرۆڤەی کەسێکی ئاساییە لەژیانی کۆمەلاّیەتیدا ببێتە دڕندەیـەکی ترسـناك و هـەمو ئەو کارانەی دەشێت حەیوانێکی ڕاوچی لە پێناوی مانەوەیدا بیکـات لـەویش بوەشـێتەوە . بـەلاّم لـەم فلمـەدا لـەدوو دیمـەنی جیاجیادا کاری چەتە گەری دەبینین , جارێکیان بەفارسی ئەخوڕنە کامیرزاو کوڕەکانی وزۆربێ‌بەزەییانە لێیان ئـەدەن و ڕوتیـان ئەکەنەوە , تەنانەت ددانە دەستکردەکانیشیان ئەبەن . جاری دووە م دکتۆر کەزۆربێ‌باك بوو لەترسی چـەتەکان ((وەك ئـەوەی لەسەرەتایی فلمەکەدا بۆی دەرخستین )) ڕێی لێ‌ئەگرن وتەنانـەت جلـەکانی بەریشـی ئەبـەن لـەو سەرماسـەختەدا, ئـەمیش هەرباسی ئەوە ئەکات چەتەکان بەزمانێکی ناکوردی قسەیان کردووە,بۆیە بەدەم سکالاّکردنەوە جنێو بەسـەدام حسـێن ئـەدات . دەشێت واتێبگەین ئەم چەتـانەی دکتۆرو کامیرزاو کوڕەکانیان ڕوت کردەوە دەلالەت بن لەچـەتەگەری لەئاسـتێکی زۆربـالاّتردا , دەکرێت وەك چەتەسیاسیەکانی ولاّتی خۆمانی ببینین ئەوانەی هەرچی سەروەت وسامانی ئەم ولاّتە هەیـە بـەتالاّن ئەبـەن , گۆڕینی زمانی چەتەکان بۆئەوەی خاوەن ماڵەکان لێی تێنەگەن ڕەنگە خـۆی هونـەرێکی چـەتەگەری بێـت ,بـەلاّم مێژوویـەکی دورودرێژە بەوزمانانەی ئەو چەتـانە پێی ئەدوان خەڵکی هەژاری ئەم ولاّتەبەگشتی ڕوت ئەکرێنەوە .بردنـی دگانـەکانی بـەرات بردنی ئیرادەی بەکارهێنانی خۆراکی پێویستە بۆژیان کەلەئاستەگەورەکەیدا هیچ جیاوازیەکی نیە لەگـەڵ بـردن و زەوتکردنـی ئەوتوانایانەی کەدەشێت کۆمەڵگای کوردی هەیبێت بۆبـەکاربردن وبـەرخۆری سـامانە سروشـتیەکەی ولاّتەکـەی . بۆئێمەیـەك کەتاڵی ژیانی کۆڕەوەکەمان چەشت ئەم چەتـانەو چەتەکانی ((تاران ,بەغداد ,ئەنقەرە ,دیمەشـق )) چ جیاوازیـەکی هەیـە . لێرە هەر کامیرزاو کوڕەکانی ڕوتکرانەوەو دگانەکانی بەرات بران کەچی لەم پایتەختانەوە هەموو ولاّتەکەمان ڕوت ئەکرێتـەوەو ژیانی خەڵکیش بەو جۆرە تراژیدیەیە کامیراکەی بەهمەن نیشانی داین . ئەوەی دەکرێت زمانی وێنەکانی ناو ئـەم فلمـە پێمـان بڵێت ئەوەیەڕوتکردنەوەی کامیرزا و ڕوتکردنەوەی هەموو ولاّت لەلایەن چەتە گەورەکانەوەلەیەك چاوگەی چەتەگەریەوە دێـت . ئەوەی چەتەیەك لەناو ئەم فلمەدادەیکات هیچ نیە جگەلـەوەی ڕەنگدانـەوەی سیسـتەمێکی چـەتەگەریە .دواجـار ئـەم فلمـە ئەوروبەرانەی ژیا نمان نیشان ئەدات کەلەوانەیـە چاوەئاسـاییەکان نـەیبینن , ئەوئازاروومەینەتیانـەمان پـێش چـاوئەخات کەڕەنگە هەرلای ئەوانە ببینرێت کەڕاستەوخۆتالاّوی ئەچێژن , لەم فلمەدا کۆمەڵێك لەوناڕێکی وناعەدالەتیانەی ژیان دەبیـنین کەبەڕاستی حەقی هەڵوەستەکردن هەیە لەئاستیاندا .